سەماحەتی حەکیم لەگەڵ شاندی دەستپێشخەری : (کاتی ئەوە هاتوە ئافرەتانی عێراق) باسی ڕێگاکانی پاراستنی ئافرەتان و ئەکتیڤکردنی ڕۆڵیانی کرد

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە شاندێکی دەستپێشخەری (کاتی ئافرەتانی عیراق هاتوە)ی کرد لەم دیدارە ئاماژەی کرد کە باشکردنی دۆخی ژنان هێزێکی ڕاستەقینە بە کۆمەڵگەی عیراقی دەبەخشێت و داوای کرد پاڵپشتی لە ئامادەبوونیان لە دیمەنی سیاسی کرد ئەوەش ڕەنگدانەوەی رۆڵیەتی لە بنیاتنانی دەوڵەت.

بەڕێز حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای ئافرەتان و دانانی چارەسەر بۆ کیشەکانیان هەبێت لەبەر ئەوەی ئافرەتان ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە دیاری کردنی دۆخی ئافرەت و دانانی چارەسەر بۆ کێشەکانیان، ڕوونیشی کردەوە کە پێویستە ئەنجومەن کەسایەتی ئافرەتی کاریگەری لە حکومەت لەخۆوە بگرێت.

سەماحەتی داوای لە ڕێکخراوەکانی ژنان کرد کێشە کۆمەڵایەتی و کارەساتییەکان پێیەڕەو بکەن کە یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی دیاردە نەگەتیڤەکان و بەرەودان بە کەلتووری هۆشیاری، هیوای خواست ژنان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەقفی پشکە تێبپەڕێنن بەهۆی لێهاتوویی و ئەزموونی سەرکەوتوویان بەتایبەتی لە بوارەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا و جەختی لەوە کردەوە کە گرنگی تیشک خستنە سەر ئەم سەرکەوتنانە بۆ بەرزکردنەوەی متمانەی کۆمەڵگا بە ڕۆڵی ژنانەوە.